# کۆتایی یەك دەورە

## لەبارەی کۆنگرەی سیهەمی حیزبەوە

**خەسرەو سایە**
k.saya@ukonline.co.uk



### بەستنی کۆنگرەی سیهەمی حیزب
### یەك رووداوی سیاسی گەورە:

لەنیو بارودۆخەکانی ئیستای عیراقدا، سازدانی کۆنگرەیەکی ئەوپەری رادیکال وچەپ وئینسانی، ئەویش لەنیوجەرگەی شاری بەغداد ولەهەلومەرجیکدا کەجەنگ وکاولکاری، تیرۆروتۆقاندن، هیچ ئاستیکیان لەئەمنیەت وئارامی نەهیشتۆتەوە، بەهەر کەمو کوری‌یەکەوە کەهەیبیت، بەهەق رووداویکی سیاسی گەورەیە. کۆنگرەی سیهەمی نەکۆبۆوونەوەیەکی رۆتینی حیزب بوو، وەنە لەپەیوەند بەهەلومەرجیکی ئاسایی‌یەوە بەسترا، بەلکو کۆنگرەیەکی حساس لەژیانی بزوتنەوەو حیزبیکی تۆمارکرد کەلەنیو جەرگەی بارودۆخیکی سیاسی وسیناریۆیەکی رەشدا بۆدەرفەتەکانی چنگ گیرکردن لەزەمینەکانی رزگاری کۆمەلایەتی دەگەری و بیپەروا هەولدەدات کەکۆمەلانی خەلکی بخاتەسەر ریگای ئیرادەگرتنی چینایەتی تا داهاتوی خۆیان لەدەست بگرن.

ئەوەساتانەی لەنیو هۆلی کۆنگرەدا تیپەردەبوون وئەوەشی لەدەرەوە، دەگوزرا، بەتەوای دوو رەوەندی پیچەوانە بەیەك بوون و لەهەریەلایەکیاندا، ئینسان وکۆمەلگا، راستی وداهاتوو، دووچارەونوس ودووپیناسەو دووجیگای جیاواز ودژبەیەکیان لەپیشبوو. لەدەرەوەی هۆلی کۆنگرە، کۆمەلگا یەکپارچە میلتاریزم و لەبۆنی باروت وخوین هەلکیشرابوو، ئینسان لەوی بەتەواوی ترساوو سەرگەردان، بیعەزم وبیئومید، بەسەر چەندین ناسنامەی درۆزنەی قەومی وتیافەدا دابەشکرابوو. شەقامەکان بەتەواوی پیاوانەبوو، پیدەچوو یەکپارچە مافی ژیان لەژنانی ئەم ولاتە سەندرابیتەوە. ئەوانەشی دەسترۆیشتوی کۆمەلگابوون کۆمەلە دەلالیکی سیاسی وچەند مەلاو سەرۆك عەشیرەت بوون کەلەپشتی تانکەکانی ئەمریکاوە ولەسەر ویرانەی یەك کۆمەلکاو خەلکیکی برسی خەریکی دابەشکردنی کورسی‌یەکانی دەسەلات بوون. بەلام لەنیو هۆلی کۆنگرە دینایەکی‌تر بوو، دنیایەکی ئازاد وپر لەئومیدو عەزمگرتن و ئیرادە نواندن و بروابوون بوو بەوەی کەهیچ سیناریۆیەکی رەشی بۆرژواکان ناتوانی کۆمەلگا لەهەولو تەقەلای ئینسان بۆ رزگاری وخۆشبەختی بەیەکجاری پاککاتەوە. ئەو دەستانەی بەکارتی سەوزەوە بەئاسمانی هۆلەکەدا دەچوون، ئیختیاری ئازادانەی ئینسانی بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی کۆمەلگا نمایش دەکرد، لەویدا ژنان نەك مەوجودیکی بەرچاوبوون بەلکو ئالو وولاّ لەهەستیارترین باسو مەسەلەکانی حیزب و بزوتنەوەدا دەخالەتگەربوون. ئەوەی لەنیو هۆلی کۆنگرەدا وتراو قسەی لیکرا، مەسەلەکانی خەلکبوو، باسی ئازادی عیراقبوو، لەداگیرکاری، لەتیرۆرو دەستدریژی ئیسلامی. باسبوو لەسەر ئەوەی چۆن کۆمەلگا بخریتەوە سەرقاچەکانی خۆی، مەدەنیەت وسکولاریزم وهەویەتی کۆمەلایەتی ئینسان بکریتە پیوانە و ئیتر ریگانەدریت بەوەی خەلکی کوردستان ستەم و شەری قەومی یەخەی پیبگریت.

کۆنگرە بەراستی رووداویکی سیاسی گەورەبوو، چونکە ئەمە کۆبوونەوەی هەلسووراوانی بزوتنەوەیەکی ئینسانی وسەراسەری بوو کە نوینەرانی لەشارەکانی بەسرا، سلیمانی، هەولیر، بەغدا، کەرکوك، موصل، ناسریەو چەندین شوینی‌ترەوە هاتبوون و هەموویان لەیەك هەویەتی حیزبی وبزوتنەوەیی هاوبەشدا شەریك بوون. حیزب وبزوتنەوەیەك کە عاشقی کیشەو مەسەلەکانی خەلك وکۆمەلگایە. حالەتیکی ئاواش نیشانەیەك لەحکومەتی داهاتووی شوراکان ونوینەرانی جەماور لەکۆمەلگایەکدا بەرجەستەدەکاتەوە کەهەولی تەواوی بەشەکانی بۆرژوازی بۆئەوەیە خەلك ومافی دەخالەتکردنی ئەوان بەتەواوی لەخانەی فەرامۆشکردندا دابنری.

### کۆرنگرە و کۆتایی یەك دەررە
### لەخەباتی بزوتنەوەکەمان:

هەر بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی ساتی بەخۆدا چوونەوە وسەرنجدان وهەلسەنگاندنی هەلسوکەوتەکانی خۆی لەمیژوویەکدا هەیە کە تیپەراندووە. لەکۆنگرەی دووەمەوە تا کۆنگرەی سیهەم، ئەگەرچی میژویەکی کورتی دووسالەی بزوتنەوەکەمان دەخاتەروو، بەلام ئەم دووسالە لەگەل میژووی کۆمەلگایەکدا تیکەلاوە کەبەتەوای بۆتە سەنتەری ئالوگۆری گەورەی ناوخۆیی وجیهانی ومەیدانیك بۆ پیکدانی بزوتنەوە ورەوەندە سیاسی‌یەکانی دنیای ئەمرۆ. لەم دووسالەدا هەرشەکانی جەنگخوازی ئەمریکا جەنگیکی خویناوی بەسەر کۆمەلگای عیراقدا داسەپاندو رژیمی بەعسی رووخاند

وبەمجۆرەش کۆمەلگای عیراقی بۆنیو زنجیرە رووداوەکانی نیو سینارۆیەکی رەشدا راپیچدا. بەدەوری ئەم گۆرانکاریانەشدا، کیشمەکیشی هیزەکانی بۆرژوازی جیهانی ودەولەتانی رۆژئاوای توندکردەوەو ئەوانی بەرەو ریزبەستن و تەوافقاتی تازەبرد. لەلایەکیتریشەوە بەرابەرکیی قوتبەکانی تیرۆریزم، ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەلایەك وتیرۆریزمی ئیسلامی لەلایەکیترەوە، جەنگی خۆیان هینایەنیو کۆمەلگای عیراق و بەغدادیان لە پایتەختی کۆمەلگایەکی مەدەنیەوە گۆری بۆپایتەختی تیرۆریستان. وەلەجەرگەی ئەم بارودۆخانەدا، بوو کەچەندین دەستەوتاقمی قەومی وئیسلامی وەك قارچك هەلتۆقین وبەخاتری نزیکبوونەوە لەدەسەلاتی داهاتوویان بەربوونە ژیانی خەلك و ئالای شەری قەوم وتایفەو مەزهەب وقەبیلەی خۆی هەلکرد وجیگایەکیان بۆ پیناسەی مەدەنی بوون و ئینسانی بوونی کۆمەلگا نەهیشتەوە. خەلکی عیراق لەم رووداوانەدا رۆژانە قوربانی خۆیان دا، ژیانی ئەوان و حورمەتی ئینسنیان درایە دەم گوولە تۆپ وتانك وچەکی سەربازانی ئەمریکاو تیرۆریستانی ئیسلامی وهەیپای شەری قەومپەرستانەوە، کۆمەلگا بۆ ئەوان لەساوپەنای زەحمەت وحەوانەوەوە گۆردرا بەویرانەیەك کەنەژنان نەمنالان نەکریکارو ئازادی خۆزای بتوانی بەئاسانی هەناسەی تیدابدەن.. لەئاوا میژوویەکی کورتی کەم وینەدا ئەوە حیزب وبزوتنەوەی ئیمەبوو دەورەیەکی پر سەروەری نایە پشت سەر. لەم دەورەیەدا ئەوە حیزب بووە ناوکۆکەی رەوەندیکی پیچەوانە بەم بارودۆخانەو لەروانگەی قازانج وبەرژەوندی خەلك و هەویەتی ئینسانی وئازادیخوازییانەوە ئالای بەرگری لەکۆمەلگاو سکولاریزم و مەدەنیەت ومافەکانی خەلکی بەرزکردەوە وبەرووی جەنگ وداگیرکاری ئەمریکاو تیرۆریستانی ئیسلامی و ناسیونالیزم و هەولەکانیاندا راوەستا ویەك لەدوای یەك سەنگەرەکانی خۆی لیدا. سەنگەری بزوتنەوەی دژی جەنگ، سەنگەری دامەزراندنی بنکەو بارەگاکانی حیزب لەشارەکان و ئیشاعەدان بەکۆمنیزم، سەنگەری دامەزراندنی یەکیتی بیکاران و شوراو نقابەکریکاری‌یەکان، سەنگەری ریکخراوی ئازادی ژن، سەنگەری راوەستانەوە بەرووی دەستدریژی ئیسلامی سیاسی، سەنگەری داکۆکیکردن لەسەربەخۆیی کوردستان، سەنگەری گیرانەوەی مەدەنیەت وکۆنگرەی ئازادی عیراق...بەمجۆرەش ریکخراوکردنی جەماوەر لەبەشەکانی ژیانی خۆیاندا بەدەوری شیعارو داواکاری رادیکال وکۆمۆنیستیدا. ئەمانە لایەنە سەرەکی‌یەکانی دەرورەیەك لەخەباتی کۆمۆنیستی کریکاری نیشان دەدەن کەلەدنیای ئەمرۆدا بیوینەیە. بابیهینینە بەرچاوی خۆمان لەکام گۆشەی دنیای ئەمرۆدا نمونەی ئەو کۆمۆنیزم وحیزبە دەبینین کەبەخەسلەتی ئەوپەرگری و ماگزیمالیستی‌یەکەیەوە ولەنیو کۆمەلگایەکی توشبوو بەجەنگ وداگیرکاری وسیناریۆی رەش، توانیویەتی لەبەرانبەر دەیان بزوتنەوەو ئەحزابی کۆنەپەرستی بۆرژوازی راوەستابیت وچرای ئومیدی ئینسانی وئازادیخوازی هەلکردبیت. بەلام ئاکامی ئەم دەورەیە چی‌یەو دەستکەوتەکانی چ جیگایەکمان پی‌دەبەخشی؟ ئایا بەدریژەکیشانی هیشتای بارودۆخەکان دەتوانری کۆنگرەی سیهەم بەکۆتایی یەك دەورەی بزوتنەوەکەمان بەحساب بهینین؟

کۆنگرەی سیهەم تەنها بەهۆی پیشرەوی و جیگیرکردنی دەستکەوتەکانی خەباتی دووسالەی بزوتنەکەمانەوە مومکین بوو بەلام ئەو پیشرەوی ودەستکەواتانە کامامەن؟ لەکۆنگرەی دووەمدا ئیمە حیزبیك بووین بەئیدعاو پەیامەکانمان، بەسیاسەت وتەبلیغاتمان بەناو نیشانمان، حیزبیکی عیراقی سەراسەری بوین، بەلام بەجەستەو مەوجودیەت ومەشغەلەمان بەتەوای کوردستانی بوو، تەنانەت فرسەغیکی تەواو لەماتریالی حیزبیکی عیراقی ومەیدانەکانی کار وهەلسوران بۆگرتنی دەسەلات لەعیراقدا بەتەوای دووربووین. ئەمە ناکۆکی‌یەکی واقعی بەسەر ئیمەدا داسەپاندبو کەناچار بووین باسی دابەشکردنی حیزب بۆ دووحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقی وکوردستانی بکەین. بەلام ئاکامی ئەم دووسالەی خەبات نەك هەرئەم ناکۆکی‌یە بەشیوەیەکی واقعی چارەسەر کرد، بەلکو ئیستا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بەهەموو پیوانەکانی مەوجودیەتی تەشکیلاتی وماتریالی کادرو رابەری، مەیدانی هەلسوران و مەسەلەکانی، تەنانەت بەپیوانەی ناو وناوبانگی، حیزبیکی عیراقی‌یەو بەم هۆیەوە لەنیو بەشەکانی خەلك دا دەناسری.. بەلام ئەمە هیشتا هەموو ئەو دەستکاوتانە و ئەوپیشرەوی‌یانە بەیان ناکات کە بەدەستهاتوون. بەبروای من باسکردنی زۆرتر لەمبارەوە ئیتر باسی جیگاوریگای حیزب وخاسیەتەکانی‌یەتی کەوەك حەصیلەی دەورەیەك لەخەبات پی‌ی گەیشتووە. ئەمەش بنەمایەکی واقعی پیکدینی بۆ خستنەرووی ئیستراتیژی‌یەکی عەمەلی وقوناغەکانی دواتری گەشەی بزوتنەوەکەمان لەراستی خەبات بۆ گرتنی دەسەلاتی سیاسی.. لیرەدا باشترە پیشرەوی ودەستکەوتەکانی دەورەی دووسالە لەچەند مەسەلەی سەرەکی‌دا چر بکەینەوە:

یەکەم: دامەزراندنی هەنگاوەکانی یەکەمی حیزبیکی عیراقی.. وتمان کۆنگرە نیشاندا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، بەهەر پلەیەك بیت کارەکتەرەکانی حیزبیکی عیراقی لەخۆیدا بەدی هیناوە. ئیستا حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، بەهەر کەموو کوری و ناتەواوی‌یەکی‌یەوە، بەهەر رەخنەیەك کەلەلایەنەکانی کارو هەلسورانی ونەخشی کادران ورابەری‌یەکەی بمانبیت، تەنانەت بەچ دەرەجەیەك لەهیز کەمی و کاریگەری‌یەکانی بیناسین، بەلام وەك حیزبیکی عیراقی مەوجود لەپەیوەندبە بەشەکانی خەلك و وەك نوینەری بزوتنەوەیەکی سەراسەری کۆمۆنیستی لەمەیداندایە. ئەم خاسیەتە هەرچەندە نمونەیەکی بچوك بخاتە پیشچاو بەلام بنەرەتی‌یە بۆ کۆمۆنیزم وچینی کریکار کەبیەویت خەباتی خۆی بۆگرتنی دەسەلاتی سیاسی لەعیراقدا، ئاراستەبکات. واقعیەتە سیاسی‌یەکانی ئەمرۆی عیراق و وەلامدانەوە بەمەسەلەی دەولەت، لەئەستۆی بزوتنەوەیەکی سەراسەری و حیزبیکدایە کە ئەم خاسیەتەی هەبی. هیزی لۆکەلی و ناوچەیی تەنها دەتوانی لەنەخشی هیزی تەواوکاری بزوتنەوە سەراسەری‌یەکاندا دەربگیرن.

دووەم: حیزب پەیوەندی کۆمۆنیزمی لەگەل کۆمەلگادا گۆریوە.. حاسلی ئەم دووسالەی خەبات، کۆمۆنیزمی مارکس ومەنسوور حیکمەت، جگەلەوەی بەوئەنجامەگەیشتووە کەبەپلەیەك تان وپۆی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی لەنیو کریکاران وخەلکدا لەشارە سەرەکی‌یەکان دامەزراندووە، هاوکات دیاردەیەکی عەلەنی‌یە ولەپەوەنیدیکی خەباتکارنەدا قەراری گرتووە. ئەم پەیوەندی‌یە تەنها پەوەنیدکی فیزیکی نیوان حیزب و جەماوەر نی‌یە بەلکو پەیوەنیدکی سیاسی وخەباتکارانەو هاوئامانجی و داواکاری‌یە. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ئیستا ئالای ئازادی وئینسانی وخۆشبەختی خەلکی هەلبریوە، دیفاع لەخواستی چونەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو کۆتاکردنی دەستی ئیسلامی سیاسی لەسەر ژیانی خەلك تا دەگات بە داکۆکیکردن لەخواستەکانی ژنان، کریکاران، قوتابیان، و سکولاریزم.. خۆی ناساندووە وبەم هۆیەشەوە ئاستیك لە ناسراوبوون و مەحبووبیەتی بۆخۆی ورابەران وکادرانی لەنیوخەلکدا چەسپاندووە. واقعیەتیکی ئاوا هەرچەند لەئاستیکی نزمدا بیت بەلام ئەمە دەتوانی بنەمایەك بیت بۆ قودرەتگرتنی کۆمۆنیزم. گەیشتنی کۆمۆنیزم و حیزبەکەی بەدەسەلات بەبی قوتبی کردنەوەی کۆمەلگا بەدەوری بەیانی کۆمۆنیستی و مەسەلەکانی حیزبیکی کۆمنیستی‌دا مەحالە، بەلام کۆمنیزمیك کە رابیتەی لەگەل خەلك وکۆمەلگا دەنەمەزراندووە و نەناسراوە ناتوانی بچیتە ئەم قوناغەوە.

سیهەم: حیزب ناوکۆکەی جەبهەیەکی رایدیکال، مەدەنی وسکولاریزم وئینسانی گرتووە... ئەمە حاسلیکی تری ئەم دەورەیەی خەباتەو جیگایەکی تایبەتی بەحیزب بەخشیوە. ئەمە لەپیشدا ئەومانایەی هەیە کە حیزب کورسی‌یەکانی چپ بوون، کۆمۆنیست بوون، ئازادیخوازبوون و سکولاربوون، تەنانەت کورسی‌یەکانی داواکاری بۆمافەکانی ژنان، کریکاران، لاوان وهەربەشیکی‌تری کۆمەلگا تا دەگات بەخۆاستی سەربەخۆیی کوردستان، داگیرکردووە و جیگایەکی بۆهیچ حیزب ولایەنیکی‌تر نەهیشتۆتەوە تابەخاسیەتی ئەوپەرگری لەسەر ئەم مەسەلانە خۆیان بنوینن وروبکەنە بەشەکانی خەلکەوە. دواتریش ناوکۆکەبوونی حیزب لەجەبهەی رادیکالو مەدەنی وئینسانیدا بۆشایی‌یەکی ئەلتەرناتیڤی لەکۆمەلگادا پرکردۆتەوە و وەك بالی چەپی کۆمەلگا خۆی هەلخستووە. کۆمۆنیزم وحیزب لەم مەوقعیەدا هەرچەند بچوك دەرکەوی بەلام بیحەرف و تەنها ئومیدە نەك هەربۆ خەلکی عیراق بەلکو بۆبزوتنەوەی موتەمەدنی جیهان.

کۆنگرەی سیهەم ئەم خاسیەتانەی کەبەرهەمی یەك دەورە لەخەباتبوون جیگرکرد وکۆتایی دەورەیەکی راگەیاند. ئیتسا بەدلنیایی‌یەوە دەتوانری باس لەحیزبی نیو هاوکیشە سیاسی‌یەکان لەیەك ئیستراتیژی قودرەتدابکری. ئیستا دەتوانری نەخشەی بردنی حیزب بەرەو هەنگاوەکانی دواتر بەدەستەوە بگیری و هەنگاو بەرەوە پرکردنەوەی ناتەواوی و کەمو کورتی‌یەکانی بنری.. بەم مانایەیە کۆنگرەی سیهەمی حیزب کۆتایی یەك دەورە بوو بۆ بزوتنەوەکەمان.

## پەیامیك کەلەبەستنی کۆنگرەدا بەرجەستەبوو:

کۆنگرەی سیهەمی حیزب بەجیالەوەی پەیامیکی ئینسانی ومەدەنی بۆ کۆمەلگای عیراق ودنیای دەرەوە، راگەیاند وئومیدی ئەوانی نوی کردەوە، تەنانەت بەجیالەوەی کە لەنیو سیناریۆی رەش وئینسان کوژی وپەیدابوونی دەیان هەویەتی دروستکراوی قەومی ودینی وتایەفەیدا، کۆنگرەی سیهەم سەلماندی کە کۆمەلگای عیراق نەك هەر لەئینسانیەت ومەدەنیەت وئازادیخوازی خالی نی‌یە، بگرە حیزب وبزوتنەوە وهیزی خۆی هەیە وهەرکەس دەتوانی پەنجەی بۆراکیشی وئومیدی داهاتوی خۆی پیوە گری بداتەوە. کۆنگرەی سیهەم لەیەك خالی جەوهەریدا پەیامی ئەوەی بەرجەستەکردەوە، کە کۆمۆنیزم دەتوانی وفرسەتی ئەوەی هەیە کۆمەلگا بەدەستەوەبگری. بەواتایەکی‌تر کۆنگرەی سیهەم پی‌ی وتین کە سەرەرای جەنگ وکاولکاری وتیرۆریزم، سەرەرای بیدەرەتانی وداروخانی بنماکانی کۆمەلگاو سەختبوونەوەی بووار لەبەردەم خەباتدا، کۆمونیزم و حیزبەکەی دەتوانی رەوەندی رووداو وکارەساتەکان بەقازانجی خەلك و دوارۆژیکی ئینسانی بگۆری. کۆنگرە ووتی کۆمۆنیزمی ئیمە خەسلەتی ئالۆگۆربەخشی هەیەو لەهەموو هەلومەرجەکاندا دەکری مۆری کۆرانکاری تارزگاری کۆمەلگا لەدەست بازرگانانی خوین و تاوانگاری کۆنەپەرستان و بەربەریەتی بۆرژوازی وسەرمایەداران ریبەرایەتی بکەین. مەرجی پویست لەم ریگایەدا تەنها ئیمە کۆمنیستەکانین کەئیرادەی ئەم گۆرانکاری‌یە بەدەستەوەبگرین وببینە ناوکۆکەی هینانەمەیدانی هیزی کۆمەلایەتی وچینایەتیمان.

کۆنگرە پی‌ی وتین.. هاوریان:

ریگای گەرانەوە مومکن نی‌یە دەبی حیزب بەخیرایی بەدەستەوە بگرین و بەهەموو تواناوە دەستکەوتەکانی ئیستا بکەینە بناغەی پیشرەوی گەورە تاگرەو لە بۆرژوازی ونوینەرانی ئەو ببەینەوە، کۆمەلگاو دنیا چاویان لەئیمە بۆ ئازادی ودامەزراندنی کۆمەلگایەکی ئینسانی بریوە. کۆنگرەی سیهەم جاریکی‌تر پیداگری لەووتە درەخشانەکەی هاوری مەنسوری حیکمەت کردەوە:

گۆرینی جیهان وبەدیهینانی دنیایەکی باشتر بەدەستی خودی ئینسان مومکین ومەیسەرە.

2005/4/28